# پێنوسەکەی مەریوان سەر مەبڕن!

## شاخەوان شۆڕش

"ئازادییەکان نابێ بە پێچەوانەی بنەما ئایینیەکانی ئیسلام بێت" ... د. محەمەد ئەحمەد گەزنەیی – وەزیری ئەوقافی سلێمانی, پەیامنێر 2006.2.6

کێشەی مەریوان هەڵەبجەیی کێشەیەکی دیکەیە لەو کێشانەی کە پەیوەندیان بە ئازادی مرۆڤ, مافی مرۆڤ و مافی ئازادی دەربڕینەوە هەیە. مەریوان لەسەر پەرتوکێکی کە پەیوەندی بە مێژووی سەرەتای سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلامەوە هەیە, داوای لەسەر تۆمارکراوە و بڕیاری گرتنی دەرچووە, جگەلەوەی گەلێ لە ئیسلامیستە توندڕۆکان هەڕەشەی کوشتنیان لێ کردووە یا ڕاستەوخۆ فەتوای کوشتنیان دەرکردووە. ئەوانە هەمووی لە ژێر سایەی دەسەڵاتێکدا کە بانگاشەی دیموکراسی و مۆدێرنیتی دەکات ڕوویانداوە.

من پەرتوکەکەی مەریوانم نەخوێندۆتەوە, بۆیە نازانم ناوەڕۆکەکەی چییە. دیارە ئەو خۆی دەڵێ من مێژووم گێڕاوەتەوە و وتەی شارەزایانی کۆنی ئیسلامم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ئاماژەم بۆیان کردووە, ئیسلامیستەکانیش دەڵێن نەخێر ئەو هاتووە سوکایەتی بە ئیسلام و پێغەمبەری موسوڵمانان کردووە.

لەکوردستاندا بەداخەوە ناوە ناوە هەواڵی دادگاییکردنی نوسەر و ڕۆژنامەنوس دێنەگوێ, شاربەدەرکردن, ڕاوەدوونان, تەریککردن و گەمارۆکردنی ڕۆشنبیران دەکەونەبەرگوێ. خەریکە کوردستان ڕیکۆردی تورکیای کەمالیست و ڕەگەزپەرست دەشکێنێت. ئەوە تراژیدیایەکی گەورەیە و بەداخەوە لەگەشەکردن دایە.
من لەوەتەی لە دانیمارک دەژیم نەمبیست نوسەرێک یا ڕۆژنامەنووسێک لەسەر هەواڵێک یا نووسینی وتارێک بدرێتە دادگا. سەبارەت بە ڕەخنە, خۆ ئەوەی ئەوان بەردەوام بە دەسەلات و گروپە دەسەڵاتدارەکانی دیکەی دەکەن, گەلێجار زۆر توند و بریندارکەرن. دیارە کوردستان دانیمارک نییە, بەلاَم ئەوە هەر بۆ زانین.

سەیر لەوەدایە ئەوانەی ڕۆژێ لە ڕۆژان بانگاشەی ئازادیان دەکرد, ئەمڕۆ خۆیان سنوریان بۆ ئازادی دانا و پەسندی سانسۆریان بۆ سەر ئازادی کرد. ئەوانەی عەبدولخالیق مەعروفیان بە سیمبولی ئازادی خۆیان دەبینی, ئێستا دەسەلاتیان هەیە و بڕیاری گرتنی عەبدولخالیقێکی دیکە دەردەکەن. باش بوو "عەبدولخالیق مەعروف" ئەوسا پەرتوکەکەی بلاَوکردەوە, ئەو ئەوسا گیانی بەنرخی خۆی کردە قوربانی ئازادی گەلێکی خاک داگیرکراو و بووە لیگێندی شکاندنی تابووەکان. ئەگەر ئەو بمابایە و پەرتوکەکەی ئێستا بلاَوبکردبایەوە, ئێستا ئەویش دەکەوتەبەر کوتەکی یاسای کۆنسێرڤەتیوانە و ئایینپارێزی دەسەڵاتی گەلە نیمچەڕزگاربووەکەی خۆی.

سەبارەت بە ئازادی مرۆڤ و ئازادی دەربڕین, شایانی گوتنە بنچینەیاسای ئێراقی کە بەتێکڕای دەنگی سەرۆکەکان و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پەسندکرا, بنچینەیاسایەکی کۆنسێرڤەتیوانەی ئیسلامپارێزە, بەجۆرێک ئەو ماف و ئازادیانەی لە بنچینەیاساکەدا ئاماژەیان بۆ دەکرێت هەموویان دەکەونە ژێر سنور و سانسۆری ئایینی و دابونەریتی گشتی, ئەوەش بە یاسا ڕەخسێندراوە.
بنچینەیاسای ئێراقی لە ئەرتیکلی 36 دا پوختەکەی دەڵێت, ستات گەرەنتی ئازادی دەربڕین بەهەموو هۆکارێک, ئازادی ڕۆژنامەگەری, ئازادی چاپ و بلاَوکردنەوە دەکات, *"ئەگەر پێچەوانەی دابونەریتی گشتی نەبێت"*. لە ئەرتیکلی 40 دا دەڵێت هەموو تاکێک ئازادە لە بیروباوەڕ و ویژدان. لەئەرتیکلی 44 دا دەڵێت, هەموو کەسێک هەموو ئەو مافانەی هەیە کە ئێراق لە ڕێکەوتن و پەیماننامە نیونەتەوەییەکاندا مۆری کردووە. *"ئەوانەی لەگەڵ ئەو بنچینەیاسایەدا ناتەبا نیین"*.

وەکو دەبیندرێت, سنورێکی کەلتوری و یاسایی داندراوە. لەو ڕوانگەیەوە مافە گەردوونیەکانی مرۆڤی UN و ئەو ماف و ئازادیانەی لەو بنچینەیاسایەدا نوسراون ناتوانرێ بە ئازادی پیادە بکرێن. چونکە لەلایەک بە دابونەریتی گشتی, لەلایەک بەو سنورانەی دیکە کە لەو بنچینەیاسایەدا داندراون سنوردارکراون. ئەو سنوردارکردنەش بوونی سانسۆری ئازادی ڕەوا دەکات. دیارە چەمکی "دابونەریتی گشتی" چەمکێکی پانوپۆڕە و دەکرێ زۆر نۆرم و دابونەریتی کۆمەڵایەتی و ئایینی بگرێتەوە. بۆیە ئەو ڕستەیە دەکرێ بەشێوەی جۆراوجۆر لێکبدەرێتەوە. دیارە بەکورتی دەتوانرێ بگوترێت دابونەریتی گشتی ئەو نۆرم و یاسا کۆمەڵایەتی و ئیسلامیانە دەگرێتەوە کەلەلایەن گشتەوە پشتگیری دەکرێن, ئەو نۆرمانەش زۆریان یان ئایینین یان کۆمەڵایەتین و لە بنچینەدا ئایینین.
هەروەها بەپێی ئەرتیکلی 2 ئایینی ئیسلام بنچینەیەکی یاسادانانە و ناشبێ یاسای ناتەبا لەگەڵ نۆرم و یاسا بنچینەییەکانی ئیسلام دەربچێت. بەمشێوەیە نەیاسا بۆی هەیە ناتەبای ئایینی ئیسلام بێت, نە ئازادیەکانیش بۆیان هەیە لەگەڵ دابونەریتی گشتی (لێرەدا مەبەستی سەرەکی نۆرمە ئیسلامییەکانە) ناتەبا بێت. دابونەریتێکی گشتی ئیسلامی ئەوەیە, نابێت ڕەخنە ئاراستەی ئایینی ئیسلام یا پێغەمبەری ئیسلام بکرێت, ئەوە لەلایەن کۆمەڵگەی ئیسلامی ئێراقیەوە تابوو کراوە. بنچینەیاساش چوارچێوەیەکی یاسایی داوەتێ.

دیارە لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا چی لە بنچینەیاسادا نوسراوە هێندە گرنگ نییە, چونکە بەگشتی دەسەڵاتی یاسادانان لەو ستاتانەدا بێتوانان و بێدەسەڵاتن, تەنها ئەو یاسایانە گرنگن کە لەبەرژەوەندی دەسەڵات دان, یان ئەو یاسایانەی لەکات و باری دیاریکراودا, دەسەڵاتدار بەپێی بەرژەوندیەکانی بۆ کێشەیەک بەکاریان دەهێنێت. ئەمڕۆ ئیسلامیستەکان و ڕەوتی ئایینپارێزی لە ئێراق و لە کوردستان دەسەڵاتیان هەیە, ئەوان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان سوود لەو سنور و سانسۆرە یاساییانە, کە خۆیان هۆی بوونیانن, وەردەگرن. بۆنمونە هەروەکو وەکو دەیبینین بەهۆیەوە ڕێگا لە ڕەخنە لە ئایینی ئیسلام یا گێڕانەوەی هەندێ لایەنی ڕووداوە مێژوویەکانی ئیسلام دەگرن.

مەریوان هەرچی نووسیبێت, ناکرێ لە کۆمەڵگەیەکدا کە خۆی بەنمونەی دیموکراسی دەزانێت, فەتوای کوشتنی دەربکرێت, یا هەڕەشەی کوشتنی بە ئاشکرا لەلایەن ئیسلامیستەکانەوە لێ بکرێت. دەرکردنی فەتوا بۆ کوشتنی نوسەرێک, یا هەڕەشەی ئاشکرا بەڕێگای جۆراوجۆر, بوونیان لە کۆمەڵگەیەکدا هەیە, کە نە ئازادی دەربڕینی لێییە, نە مافی مرۆڤ, نە دیموکراسی و فرەیی بڕوا. هەر لەکۆمەڵگەیەکی ئەوهاش ئەوانەی فەتوای کوشتن دەردەکەن, دەتوانن بێمنەت بن.
لە دیموکراسیترین کۆمەڵگەی جیهانیدا, نە هەڕەشەی کوشتن لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە, نە فەتوای کوشتن بێ سزادان دەتوانێ تێپەڕێت. چونکە ئەوە بڕیاری سەندنەوەی مافی ژیانی مرۆڤێکە, ئەوە ڕاستەوخۆ هاندانە بۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤێک کە ئەندامێکی کۆمەڵگەیە, ئەوە هاندانی بێ ئەملا و ئەولای توندوتیژییە.
ئاشکرایە بنچینەیاسای ئێراقی یاساییانە سانسۆری بۆ ڕەخنە لە ئایینی ئیسلام یا گێڕانەوەی لایەنە نەخوازراوەکانی مێژووی ئیسلام داناوە. بەڵام ئەدی ئەو دەسەڵاتەی کوردستان لەسەری نییە, ژیانی مرۆڤەکانی بپارێزێت. ئەدی لەسەری نییە, ئەوانە سزا بدات کە فەتوای کوشتنی ئەندامێکی کۆمەڵگە دەردەکەن. دەسەڵاتی سلێمانی لەسەریەتی هەڵوێست وەربگرێت و ڕێگا نەدات یاسای جەنگەڵ سێبەرە بکات. بۆیەش ژیانی مەریوان لە ئەستۆی ئەواندایە.

هیوادارم لە گۆشەنیگای کێشەی مەریوانەوە, دەسەڵاتدارانی کوردستان و هەموو ئەندامانی پەرلەمان, کە ئەو بنچینەیاسایەیان بەتێکڕای دەنگ مۆرکرد, لەوە بگەن, کەوا ئەوان چ قوڕێکی ڕەشیان بۆ ئازادی دەربڕین گرتۆتەوە. نازانم ئەوان لە بنچینەیاساکەی کوردستان چەند دەتوانن ئەو کۆتە لەملی ئازادی دەربڕین بکەنەوە, یان تا چەند بڕوایان بە نەهێشتنی ئەو سنوارانە هەیە, بەڵام ئەگەر ئەوە نەکەن, ئەوە دەبێ دیتەری لەخاچدانی ئازادی دەربڕین بین ڕەنگە بۆ ماوەیەکی زۆر.

دروستکردنی ئایندەیەکی ڕۆشن لەسەر بنچینەی شاردنەوە, نکۆڵیکردنی ڕاستیەکان, قەدەغەکردن و سانسۆرکردن ناتواندرێ بێتەدی. ئەگەر بمانەوێت, داهاتوویەکی باش بۆ داهاتوو بەیەکەوە بنێین, دەبێ ڕیالیستانە لە ڕابردووی خۆمان, یا مێژووی ئیسلام یا مێژوو و ڕووداوەکان بەگشتی بڕوانین, ڕووداوەکان چۆن بووین ئەوها بنوسرێنەوە و

بگوترێنەوە. گێڕانەوەی بێلایەن لەوە ناپرسێ کێ پیاو چاکە یان پیاو خراپە, ئەو ئاماژە بە ڕووداوەکان وەکو خۆیان دەکات, بەپێی ئەو زانیاریانەی لەبەردەست دان.

کارەساتە نەتواندرێ ڕاستیەکانی مێژوو بگێڕدرێنەوە, کارەساتە ئازادی دەربڕین بە نۆرمی کۆنسەرڤەتیوانە کۆت بکرێن, کارەساتە مرۆڤێکی کوردستان لەسەر گێڕانەوەی مێژووی عارەبان فەتوای کوشتنی لەلایەن کوردانەوە, لە سلێمانیەکەی پیرەمێرد و گۆران, بۆ دەربچێت.

**2006.2.10**